ژمارە : ٥٢
ڕێکەوت: ١٥ / ڕێبەندان / ٢٧٢٠ کوردی

العدد: ٥٢
التأريخ: ٣ / ٢ / ٢٠٢١

وەزارەتی پەروەردە نووسینگەی وەزیر Ministry of Education

# فەرمانی وەزاری

**ئاماژە بە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٣ ی ٢ ی ٢٠٢١، بڕیارماندا بە:**

**قۆناغەکانی ١ ی بنەڕەتی تا ١١ ی ئامادەیی (حکومی و ناحکومی):**

١- قۆناغی( ١ ی بنەڕەتی تا ١١ ی ئامادەیی)، بە شێوەی تەناوب لە ڕێکەوتی ٢/٧/ ٢٠٢١، دەوام دەستپێدەکەنەوە، دەسەڵات دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ڕێکخستنی شێوازی دەوامی تەناوب کە قۆناغەکان ڕۆژە نا ڕۆژێک دەوام بکەن .

٢- هەموو ئەو قوتابخانانەی کە دەکەونە گوندەکان و شوێنە دوورە دەستەکان **(بەو مەرجەی ژمارەی قوتابیان و خوێندکارانیان کەم و سنووردار بێت)**، لە هەفتەیەکدا چوار ڕۆژی یەک لەدوای یەک دەوام دەکەن، لە ڕۆژی یەک شەممە تا چوارشەممە، دەسەڵات دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بڕیاردان لەدیاریکردنی ئەو قوتابخانانەی کە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو دەیانگرێتەوە.

٣- بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٦، پەیوەندی بە قوتابخانەکانیانەوە دەکەن، بەرنامەو میکانیزمی خاڵی یەکەم و دووەمی ئەم فەرمانە دادەنێن بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانیان.

٤- بەمەبەستی خۆپارێزی دەوامی مامۆستایان بۆ ئەم ساڵی خوێندن (٢٠٢٠- ٢٠٢١)، وابەستە دەبێت بەکاتەکانی وانە گوتنەوەیان، لەپاش گوتنەوەی وانەکانیان لە قوتابخانە نامێننەوە.

٥- هەمان ساڵنامەی تاقیکردنەوەکان پەیڕەو دەکرێت کە لە گشتاندنی ژمارە **(٢٣)** لە ڕێکەوتی ١٤ ی ١ ی ٢٠٢١،ئاماژەی پێدراوە.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٣/ ٢/ ٢٠٢١**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وەزارەتی پەروەردە نووسینگەی وەزیر Ministry of Education

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی تەندروستی/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز پارێزگارانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە)، سەربەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/ بۆ زانین و هەماهەنگی.
- سەرجەم بەڕێوەبەراتیە گشتیەکانی سەر بە دیوانی وەزارەتی پەروەردە/ بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - گەرمیان)/ بۆ کاری پێویست و بەدواداچوون.
- خولاو.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner